# هەڵوێستی نامەسئولانەی حککا

# بەرامبەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراق

محسن کریم 26–9–2004

کێشمەکیشەکانی ناو حیزبی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، بە جیابوونەوەی بەشی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادرو ئەندامانی ئەو حیزبە کۆتایی هات. ئەو باڵەی کە ئێستا دەسەلاٌتی حککای بەدەستەوەیە، ئەم رووداوە کە راستەوخۆ زیانی بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریو بەحیزبی ئەم بزووتنەوەیەی گەیاندوە لەناوچەکەدا، بە سەرکەوتنی"چەپ بەسەر راست"و بەدەستکەوتێکی پڕ بایەخ بۆ بزووتنەوەکەو چینی کریکاری دادەنێت. رابەری ئەم حیزبە کە ئێستا سەرمەستی سەرکەوتنی شۆرشی ئایدیۆلۆجی خۆیەتی بەسەر نەیارە سیاسیەکانی ناو حیزبەکەیدا، خەیاڵی ئەوەی هەیە ئەم سەرکەوتنەی ناو دنیای ئەندێشەو فکری خۆی بە گۆشەیەك لە سەرکەوتنی شۆرشی کرێکاری بە خەڵکی دەرەوەی خۆیو بە کۆمەڵگا بناسێنێ. مەراسیمی سەرکەوتنەکەی خۆشیان لە کۆنگرەی(5) ی حیزبەکەیاندا کە تەنها ناوەکەی لەگەل کۆنگرەی ئەحزابدا هاوبەش بوو، گێرا.

کۆنگرەی(5)ی حیزبی ناوبراو، خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بوو بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ئێرانو ناوچەکەدا. ئەم کۆنگرەیە راگەیاندنی کۆتایی هاتنی دەورانی هاوژیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەسەلاٌتخوازو خەتی مەنسور حیکمەت بوو لەگەڵ چەپی سونەتی کە لەگەڵ دامەزراندنی حککادا و لە دەورەیەکی مێژوویی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریدا لەگەڵ ئەم حیزبەدا هاتبوو وە ئاوێزانی بووبوو. کۆنگرەی(5) مەراسیمی رەسمیی کۆتایی سەرکەوتنی ئەو چەپە بوو لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا. ئێستا حیزبی ناوبراو حیزبی یەك بۆچوونو یەکپایەی چەپی سونەتیە کە مێژووەکەی لەگەڵ مێژووی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا گرێی خواردبوو. ئێستا دوو مێژوو دەستیپێکردوە. ڕێگاکەش بۆ دوو رێگا جیا بووەوە. هەر لایەنە رێگای خۆی درێژە پێ ئەدات.

خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەسەلاٌتخوازو حیکمەتی کە ناچاربوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران جێبهێڵێت، دوای جیابوونەوە، خۆی لە قامەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران_حیکمەتیست دا راگەیاند. ئەم خەتە خاڵی گەڕانەوەی بۆ کۆنگرەی(3)ی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانو پلینۆمی(14)ی کۆمیتەی ناوەندی دەباتەوە، کە مەنسوری حیکمەت ئەوەی راگەیاند کە ئەم حیزبە هێشتا زیاتر لەو چەپەوە نزیکە کە مێژووی تا ئێستامان مێژووی دوورکەوتنەوە بووە لەو تا لەو ئەرکانەی کە کۆمەڵگا دەیخاتە بەردەممان وەکو حیزبێکی دەسەلاٌتخواز، وەکو حیزبێکی سیاسی کە دەتوانێ لە هاوکێشەی سیاسی ئێراندا جێگای هەبێتو تەحویل بێت بۆ رابەری بزووتنەوەی سەرنگونی خوازی خەڵكو نوێنەری (نا)ی خەڵکی ئێران بە جمهوری ئیسلامی ئێران. حیزبێکی سیاسی کە هەم ئیشتیهای بۆ گرتنی دەسەلاٌتی سیاسی هەیەو هەم توانای گرتنو هێشتنەوەی ئەم دەسەلاٌتەی لە دەستی خۆیدا هەیە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری_حیکمەتیست درێژەی ئەو نارازیبوونەی مەنسوری حیکمەتە لە حیزبەکەی خۆی. بەپێی سونەتی مەنسوری حیکمەت دەیەوێ خۆی لەگەڵ ئەرکەکاندا بەراورد بکات. ئەو کارەی بە مەرگی مەنسوری حیکمەت تەواو نەکراو مایەوە، تەواوی بکات. هەر بەم مانایە ، رواڵەتی جیابوونەوەکە ئاوایە کە ئەمان لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە مەنسوری حیکمەت دایمەزراند، جیابوونەتەوە. بەلاٌم لە واقیعدا ئەمان خاوەنو نوێنەری ئەو رەوتە حیکمەتیەن کە هەمیشە لە داهاتوو دەڕوانێت.

لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەو ئەم واقعیەتەوە، حیزبی ئێمە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، دوای ئەوەی هەوڵەکانمان بۆ هێشتنەوەی یەکپارچەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، بەهۆی گوێ پێنەدان و کارشکێنی‌یە ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتیەکانی لیدەری حیزب و هاوبیرەکانیەوە لە ڕابەری حیزبدا ناکام مایەوە، لە پشتی ئەو لایەنەوە وەستاین کە تا دوا هەوڵەکان بۆ مانەوەی یەکپارچەیی حیزبی مەنسوری حیکمەت لە ئێران دریغی نەکردو هەموو ڕێگایەکی بۆ ئەم مەبەستە گرتە پێش. پاش ئەوەی هیچ ڕێگایەکیان بۆ نەمایەوە تەنها جیاکردنەوەی ریزی خۆیان لەو حیزبە نەبێ بە ناچار چوونە دەرەوەو حیزبی خۆیان پێك هێنا، ئێمە پشتیوانیمان لە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران–حیکمەتیست کرد وەکو حیزبێکی بزووتنەوەکەمان لە ئێران و درێژپێدەری سونەتی سیاسی و حیزبی مەنسوری حیکمەت.

چەپی سونەتی دەسەڵاتداری ناو حککا ئەم هەڵوێستەی حیزبی ئێمەی بۆ قووت نەچوو. بەهەمان مەنتقی بەرپاکردنی شۆرشی ئایدیۆلۆژی لەناو حککادا ڕوویان کردە کادرو ئەندامانی حیزبی ئێمەش. ئەم چەپە ئایدیۆلۆژیگەرە کە خۆی بەقیبلەی کۆمۆنیزم دەزانێت، پێی وایە کە هەموو کەسێك و ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ ئەوەی هەویەی کۆمۆنیست بوون و چەپ بوونی پێبدرێت، دەبێ ڕوو لەو بکات. دیاردەو مەسەلەکانی دنیای دەرەوەی خۆی بەپێی دوورو نزیکی لە خۆیەوە هەڵدەسەنگێنێت، نەك واقعیەتی مادی وکۆمەڵایەتی ئەو دیاردەو مەسەلانە ببینێت. بەپێی ڕادەی دووری یان نزیکی لە خۆیەوە مۆری ڕاست و چەپ، کۆمۆنیست و دژە کۆمۆنیست بە هەر لایەن و کەسێکەوە دەنێت. مامەڵەشیان لەگەڵ حیزبی ئێمەدا بەم مەنتقە غەیرە مادی و غەیرە مارکسیستانەیە کرد.

بۆ ڕابەری ئەم حیزبە هەڵوێستی حیزبی ئێمە لە بەرامبەر جیابوونەوەی ناو حککاو پێکهاتنی حیزبی حیکمەتیستدا کافی بوو کە یەکسەر ڕابەری حیزبی ئێمە بە"چوون بەرەو ڕاست" و دوای چەند ڕۆژێکیش بە"ڕاست"تۆمەتبار بکات،بە ئاشکرا بانگەوازی هاوڕێیانی ئێمە بکەن بۆ وەستانەوە دژی ڕابەریەکەی و هاندانیان بۆ دوبارەکردنەوەی سیناریۆی حیزب تێکدانەکەی خۆیان لە عێراقیش. لەمەش واوەتر ڕۆشتن و هەمان ئەو کۆنگرەیەی کە مەراسیمی ناشتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و سونەتی حیزبیی مەنسوری حیکمەت بوو لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا، کردیانە هەنگاوێکی عەمەلی تێکدەرانە لە دژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق. کۆنگرەکەیان بە سوود وەرگرتن لە بەشداری چەند هاوڕێی ئێمە کە خوازیاری پێکهێنانی"فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری" بوون لە حیزبدا، بە بێ‌ئەوەی هێشتا وەڵامی ڕابەری حیزبیان پێدرابێتەوە، "فراکسیۆنی چەپ"ی لەناو حیزبی ئێمەدا ڕاگەیاند! (4) ئەندامی ئێمەیان بردە کۆمیتەی ناوەندی خۆیانەوە بەبێ ئەوەی هیچ ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ ئێمەدا کردبێت. هەورەها کۆنگرەکەیان بریارێکی پەسەند کرد بۆ پشتیوانی تەواو لە"فراکسیۆنی چەپ" لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا، کە مانای عەمەلیەکەی بە پێی مەنتقی سیاسی و کارکردیان چ لە پەیوەند بە کێشەکانی ناو حککاوەو چ لە مامەڵەیان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا دەکاتە ئەوەی کە هەموو توانای خۆیان بخەنە گەر بۆ هەڵوەشاندنەوەو لێکترازاندنی حیزبی مەنسوری حیکمەت لە عێراق. ئەرکی بنەرەتی ئەو هاوڕێیانەی ئێمەش کە کراونەتە کۆمیتەی ناوەندی، بە ئاکام گەیاندنی ئەم سیاسەتە تێکدەرانەیە کە کۆنگرە خستویەتیە دەستوری کاریانەوە. بەم شێوەیە هەڵوێستی لایەنگری لە حیزبەکەی خۆیان ئەو هاوڕێیانەی ئێمە کردە چەپ و ئێمەش، واتە هەموو ڕابەری حیزب بێجگە لە(1) کەس و زۆربەی نزیك لە تەواوی کادرو ئەندامانی حیزبی ئێمەش بوونە "ڕاست"! ئەوەیە تەحلیلی مارکسیستی ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران. جێگاو ڕێگای

کۆمەڵایەتی‌و سیاسی واقعی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق‌و رابەری‌یەکەی لە دیدگای ئایدیۆلۆژیگەرانەی ئەودا هیچ جێگایەکی نی‌یە. بەو چی مادام هەڵوێستی لەسەر ئەو باش نی‌یە!؟

راستی‌یەك هەیە کە بەداخەوە لە حساباتی رابەری دەسەڵاتبەدەستی حککادا مەوجود نی‌یە، ئەویش ئەوەیە کە بەم کاروکردەوانەو بەم سیاسەتەی دژ بە حککع سیاسەتێکی نامەسئولانەو خەتەرناکی گرتۆتە پێش لە بەرامبەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراقیدا. ئەم هەڵوێستەیان وەکو رەوتێکی ئینحلال تەڵەب لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری‌دا بۆ تۆمار دەکرێت.

هەڵبەت حککا حساباتێکی هەڵەی دیکەشی کردووە، ئەوەیش ئەوەیە کە مەسەلەی پاراستنی یەکپارچەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە دەورو نەخشی رابەری‌یەکەی‌و بە هوشیاری‌و خاراوی کادرانی ئەم حیزبە لە بواری حیزبیەتدا کە تەجروبەیەکی عەمەلی لەسەر دەستی هاوڕێ مەنسوری حیکمەتدا بەدەست هێناوە، کۆتایی پێ هاتووە. ئەو هەوڵانەی کە بۆ تێکدانی حیزب دەیدەن هەر لە سەرەتاوە مەحکوم بە شکستە چونکە مێژوەکەی بەسەرچووە. حیزبی ئێمە هەنگاوی داهاتووی بۆ بەئاکام گەیاندنی پەیامەکەی هاوڕێ مەنسوری حیکمەت بۆ تەحویلبوون  بۆ حیزبی سیاسی شان بەشانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران هەڵدەهێنێتەوە.

 لە کۆتایی‌دا بانگەوازیشم بۆ ئەو هاوڕێیانەم کە خوازیاری فراکسیۆن بوون ئەوەیە کە فراکسیۆنەکەیان بە عەمەلی بوەتە هەوڵێك بۆ تێکدانی یەکپارچەیی حیزب، بۆیە ئەگەر ئەتانەوێ یەکپارچەیی حیزب بپارێزن ئەرکی مێژوویی‌و کۆمۆنیستیتان ئەوەیە کە نەبنە هەڵسوراوی ئەو ئەرکە تێکدەرانەیە. خەباتی خۆتان بۆ دامەزراندنی دنیای ئازادو یەکسانی کۆمۆنیستی لەپاڵ هاوڕێیانی دیکەتاندا لە ناو حیزبدا بەرەوپێش بەرن. با هەموو تواناکان بە قەولی هاوری مەنسوری حیکمەت بۆ نزیك کردنەوەی حیزب لە ئەرکەکانی، بۆ گۆرینی حیزب بۆ حیزبی سیاسی، حیزبێك کە توانای ئاڵوگۆرکردنی هاوسەنگی هێزی سیاسی هەبێت،  بخەینە سەر یەك نەك بۆ درزو کەلێن دروست کردن لەناو حیزبدا. لاوازکردنی حیزب تەنها لەبەرژەوەندی دوژمنەکانماندایە. ئەو مێژووە بۆ خۆتان تۆمار مەکەن.

**بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق!**